**بۆ: سەرۆکی حکومەتی هەرێم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**رای گشتی**

**دەزگاکانی راگەیاندن**

**هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوە**

# گەندەڵی دەیەوێت شانۆ تیرۆر بکات

## بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی (هونەرمەند ئازاد جەلال) بە ئیستیغلال کردنی پۆستەکەی کۆسپی خستە بەردەم پرۆژەی نمایشێکی شانۆیی

**ئێمە گروپێکی شانۆیین پێکهاتوین لە (ئیبراهیم چێوار، هۆرێن غەریب، هیوا فایەق، شوان عەتوف، نازەنین صالح، ئاوات باقی، کاروان عوسمان، کوردستان رەئوف، نیگار عوسمان، دیلمان صلاح، ئامانج عەبدولڵا) سالآنێکە بەردەوام نمایشی شانۆیمان پێشکەش کردوە. دەکرێت ئیشەکانمان بەباش یان خراپ لە قەڵمبدرێت، بەڵام کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە پرۆژەی جدین.**

**لە مانگی نیساندا پرۆژەی ئەمساڵمان خستەبەردەم بەڕێز ب. گ. رۆشنبیری و هونەر، لە گەڵ ئەوەی راوێژکارانی شانۆی وەزارەت (هونەرمەندان جیهاد دڵپاك و عەلی کەریم) و خودی وەزیری رۆشنبیری بەڕێز (فەتاح زاخۆیی) پشتگیرییان لە پرۆژەکەمان دەکرد و گروپەکەمانیان بە جدی ترین گروپی شانۆ ناودەبرد، بەڕێز ب. گ. توانی بیسەپێنێت بە سەر وەزارەتدا کە پرۆژەکەمان لە ئەستۆ نەگرێت.**

**وردەکاریەکانی کێشەکە لەم خالآنەی خوارەوە دەستنیشان دەکەین:**

1. **کە بەڕێزی بودجەی پرۆژەکەی بینی یەکەم قسە وتی" ئێمە لە وەزارەتی رۆشنبیری، شتێکمان نیە پێی بوترێت پاداشت بۆ هونەرمەند". هەر ئەو وەزارەتەی بەڕێزی باسی دەکات لەم رۆژانەدا بەرهەمی ئەوتۆی لە ئەستۆگرتوە پاداشتی سێ چوار ملیۆن دیناری تێدایە، لە کاتێکدا بەرزترین پاداشتی پرۆژە شانۆییەکەی ئێمە – کە پتر لە شەش مانگ ئیشی تیا دەکەین–  ناگاتە ملیۆنێك.**
2. **هەر لە هەمان دانیشتنی رەسمی دا بەڕێزی بە ئبراهیم چێوار و هۆرێن غەریب ی وت:" بۆچی هۆرێن و هیوا پرۆژەکەی منیان ئیمزا نەکردوە منیش ئەمەتان بۆ ناکەم" (*سڵاو لە دیموکراسیەت*). پرۆژەکەی ئەو پرۆژەی دامەزراندنی دەزگای هونەری درامایە –کە نازانرێت بۆ بوە بە پرۆژەی ئەو! بەڵام ئەوە کێشەیەکی ترە–  چێوار و هۆرێن هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی ئەو دو مەسەلەیە تێکەڵ نەکرێن چونکە بە هیچ لۆجیکێك پەیوەندیان نیە، کاتێکیش چێوار وتی: "باشە خۆ من هەر لەو کۆبونەوەیەشدا نەبوم" وەڵامی بەڕێز ب. گ. ئەمەبو:" تۆش لە گەڵ ئەوانیت" (سڵاو لە جیاوازی تاکەکەسی)**
3. **دوای هەمو ئەمانەش وەزارەت "ئازاد"ە و ئاساییە ئەگەر بە یەك رونکردنەوە پرۆژەکەمان رەتبکاتەوە. بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە ئەوەیە کە پرۆژەکەی ئێمە لە ژوری بەڕێز ب. گ. بەند بکرێت و لە بری ئەوە یاداشتێك بەرز بکرێتەوە (ژمارە 477 ی 04/5/9) کە تەنیا ئەوە نەبێت ناوی (چێوار و هۆرێن و هیوا)ی تیا هاتوە. هیچ پەیوەندی  بە پرۆژەکە ئێمەوە نیە. ئێمە پرۆژەیەکی تەواو پێشکەش بە وەزارەت دەکەین بۆ (لەئەستۆگرتن). یاداشتەکەی بەڕێز ب. گ. تیایدا نوسراو کە گروپێك داوای هاوکاری دەکەن و ئەمە بە ناوی ئێمەوە دەڵێت. لە خۆیەوە ژمارەیەك دەستنیشان دەکات کە وە ك (هاوکاری) سەرف بکرێت. لە بەر ئەوەی بەڕێزی بە پێویستی نەزانیوە پرۆژەکەی ئێمە هاوپێچ بکات. – کە ئەمەش**

www.kurdistannet.org

بۆخۆی لە روی کارگێڕییەوە هەڵەیەکی زۆر زەقە– ئەوەی یاداشتەکەی ئەو بخوێنێتەوە هیچ فیکرەیەکی دەربارەی پرۆژەکەی ئێمە دەست ناکەوێت و وادەزانێت بەڕێز ب. گ. بەوپەڕی ئەمانەت و دڵسۆزییەوە پشتگیری لە پرۆژەکە کردوە.

4. (هاوکاری)یەکەی بەڕێز ب.گ. بە پێی کەشفێکە دیسانەوە پەیوەندی نیە بەو خەملاندنی بودجەیەوە کە بە ئیمزای لیژنەیەکی سێ کەسی لە گەڵ پرۆژەکەماندا هاوپێچکراوە. لە یاداشتەکەدا بێ پرس یان راوەرگرتن یان رەزامەندی ئێمە بەڕێزی کەشفێکی تری نوسیوە بۆ پرۆژەیەك کە تەنیا (دە) دەقیقەش قسەی لە سەر نەکردوە. دوای ئەوە ئێمە دەزانین بەڕێزی لەوە پڕئیش ترە تا تەکلیفی ئەوەی لێبکەین کەشفی بودجە بۆ پرۆژەکەی ئێمە بکات.

5. هەر لەو دانیشتنەدا بەڕێز ب.گ. سوکایەتی بەوەکرد کە ئێمە سەعات شەشی ئێوارە دەست بە پرۆڤە دەکەین پێشنیاری کرد سەعات دو بۆ پێنج پرۆڤە بکەین و وتی: " من ناتوانم مەسئولیەتی ئەوە هەڵبگرم کە ئێوە شەو پرۆڤە بکەن" لە کاتێکدا ئێمە دەمانزانی مەسئولیاتەکانی بەڕێزی چەند زۆرن و بە هیچ شێوەیەك داوای ئەوەمان لێ نەکردوە ئەو هیچ مەسئولیەتێکی ئەێمە هەڵگرێ. گروپەکەی ئێمە لە خۆشی خۆمان نیە شەو پرۆڤە دەکەین. حەزمان دەکرد کاری ژیانمان تەنیا شانۆ بوایە. ئەو کاتە لە بەیانیەوە لە هۆڵی پرۆڤەدا دەبوین.

6. گرفتێکی تر لە وەزارەتی رۆشنبیری دا نەبونی وەڵامی نوسراوە و دەستیدەستی پێکردنە. لە کاتێکدا هەموان بە خودی وەزیریشەوە بە سەرزارەکی دەڵێن: " وەڵا هەقی خۆتانە" کاتێك داوای وەڵامێکی نوسراو دەکەین ئەگەر بە رەتکردنەوەی پرۆژەکەش بێت هیچمان دەست ناکەوێت. ئێمە لە مانگی نیساندا پرۆژەکەمان پێشکەشی بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری و هونەرکرد، لە مانگی پێنج دا پێشکەشی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لەڕێی راوێژکارانی شانۆوە، لە مانگی شەش دا جەنابی وەزیر وتی: " جارێکی تر پێشکەشی بکەنەوە بۆ ئەوەی (کەت) بین لە گەڵ ئەوەی پێشو" ئەم جارە لە سەر قسەی بەڕێزی ڕاستەوخۆ پێشکەشی خۆیمان کرد. تا ئێستا ئەوەی دەستمان کەوتوە کۆپیەکی یاداشتەکەی بەڕێز ب.گ. ە و هیچی تر.

7. ئەمە لە کاتێکدا بە سەر ئێمە دێت کە بەراست وچەپ وەزارەتی رۆشنبیری پێشوازی و بانگهێشتی هونەرمەند و ناهونەرمەندانی عەرەب و ئێرانی دەکات. مایەی خۆشحاڵیە ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری بانگهێشتی هونەرمەندێکی وەك (قوبادی) بکات. بەڵام کاتێك وەزارەت پارەیەکی زۆر لە هونەرمەندێکی پلە چواری ئێران و راسم الجومەیلی و"ماجدات"ەکانی‌دا سەرف دەکات، مافی خۆمانە هەڵوێستەکەی بەڕێز ب.گ. و دژایەتی کردنی پرۆژەکەمان بە هەڵوێستی رەسمی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم بزانین.

ئەم هەڵوێستەش تازە نابێت بۆ ئێمە... بیرمان نایەت هیچ بەرهەمێکمان بێکێشە پێشکەش کردبێت. نمایشمان نەکردوە هەمو ئەندامانی گروپەکە پارەی گیرفانی خۆیان بۆ پرۆڤە و نمایش خەرج نەکردبێت. بەردەوام لەم جۆرە هەڵوێستانە روبەروی پرۆژە هونەریەکانمان کراوەتەوە و ساڵانێکە ئێمە بێدەنگین، ساڵانێکە هەرجارەی بەهانەیەك بۆ هەڵوێستە شەرمندەکانتان دەدۆزینەوە. نامانەوێت بڕوا بێنین کە بەدنیهادیەکی گەورەی لە پشتەوەیە. ئێستا تەواو ئیتر روبەرو پێتان دەڵێن ئەمە ئەوپەڕی نامەدەنیەتە و هەمو وەهمەکانی کۆمەڵگە تازەمەدەنیەکەمان ناتوانێت روخساری دزێوی بشارێتەوە.

بەڕێز ب.گ. ئێمە قەرزاری سوپاسێکی تۆین...سوپاس، دەمت کردینەوە، ئیتر بێدەنگ نابین. نەك تەنیا لە سەر ئیشی خۆمان، لە هەمو هەڵوێستێکی وادا وشەی خۆمان دەبێت. نەك تەنیا بەرامبەر تۆ، بەرامبەر هەمو هاوڕفتارەکانت. هەمو هەوڵکانی ئێوە تەنیا یەك سەعاتی لە کاتی پرۆڤەکردنمان برد...

پرۆڤەی شانۆییەکەمان بەردەوامە ...

هەمو کورسیەکان بۆ ئێوە .... شانۆ بۆ ئێمە.

گروپی نمایشەکە

سلێمانی 8.6.2004